گواستنەوەی ئاواز لە پەیژەیەکەوە بۆ پەیژەیەکی دیکە:

گواستنەوەی ئاواز لە پەیژەیەکەوە بۆ پەیژەیەکی دیکە کە پەیژەی موزیکی جیاوازبن، تاڕادەیەک ئاسانییە ئەگەر بە باشی و بە تەرکیزەوە یاساکانی ئەم گواستنەوەیە هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ نەکەین. بۆ نمونە ئەگەر ئەم ئاوازەی خوارەوە میانەیەکی دووانی فرە بۆ سەرەوە بگوازینەوە و ڕێبەری پەیژەی نوێی بۆ دابنێین پێویستە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەین.



یەکەم هەنگاو دۆزینەوەی ڕێبەری پەیژە نوێکەیە کە لە ئەنجامی بەرزکرنەوەی پارچەکەمان بە میانەیەکی دوانی فرە بۆ سەرەوە دروست دەبێت، جا گرنگ نییە پەیژەیکە مێجەرە دەردەچێت یاخود پەیژە زای ماینەرەکە دەردەچێت. چونکە ئەگەر پەیژە نوێیەکە ماینەر بێت یان مێجەر هەر دووکیان هەر یەک ڕێبەری پەیژەیان دەبێت و هەمان هێماکان وەردەگرن. وەک ئەوەی پەیژەی صۆڵ مێجەر تەنها فا دێز وەردەگرێت. پەیژە ماینەر زاکەشی کە می ماینەرە هەر هەمان هێما وەردەگرێت کە فا دێزە.

بەڵام با بزانین چۆن ڕێبەری پەیژە نوێکە دەدۆزینەوە،

١- سەرەتا دەبێت بزانین دەمانەوێت بیگۆڕین لە چ پەیژەیەکدایە ئایە مێجەرە یان ماینەرە، وەک دەبینین ئاوازەکەمان سێ بیمۆڵی وەرگرتووە، پەیژەیکەی بریتییە لە می ، مێجەر چونکە بە دەسپێک و کۆتایی بە دەنگی (می) یە و نۆتەی پێش کۆتایشی بە یەک هەنگاو سەرکەوتووە بۆ دەنگی (می).


٢- ئینجا لەبەر ئەوەی داوامان لێکراوە ئاوازەکە میانەیەکی دووانی فرە بۆ سەرەوە بگوازینەوە، دێین یەک بە یەک گشت نۆتەکانی ئاوازەکە بە پێی ناوەکانیان میانەیەکی دوانی فرە بۆ سەرەوە بەرزیان دەکەینەوە. لەم قۆناغە دا جارێ واز لە گۆرانە ناکاوەکان دەهێنین و نۆتەکان کە بەرزدەکەینەوە، وەک نۆتەیەکی ناچڕاڵ حیساب دەکەین، بۆ نمونە ئەگەر مێ بیمۆڵ بێت هەر بە می حیسابی دەکەین، یان ئەگەر فا دێز بێت هەر بە فا حیسابی دەکەین. و میانەی دوانی لەسەر می ناچڕاڵ و فا دێز حیساب دەکەین. نەک می بیمۆڵ و فا دێز. بۆ نمونە میانەی داوانی لە سەرووی (مییەوە فایە، لە سەروی فاوە صۆڵە) ئیتر بەم شێوەیە گشت نۆتەکانی ئاوازەکە هەر یەکە و یەک نۆتە بەرز دەکەینەوە.

جارێ پێش ئەوەی نۆتەکانی ئاوازەکە یەک یەک میانەیەکی دووانی فرە بۆ سەرەوە بگوازینەوە، با بزانین پەیژەی ئاوازەکە چۆن دەگۆڕێت و دەبێتە چی کاتێک میانەیەکی دوانی بەرزمان کردەوە، لەبەر ئەوەی پەیژەکە وەک باسمان کرد می بیمۆڵ مێجەرە، کەواتە ئەگەر پەیژە نوێکە دەبێتە (فا دێز مێجەر) چونکە (می بۆ فادیز) بەرزبکریتەوە ئینجا دەکاتە میانەیەکی دووانی فرە.


کەواتە پەیژەکەمان لە می بیمۆڵ مێجەرەوە گۆڕا بوو بە فادێز مێجەر بەم شێوەی خوارەوە



ئینجا ئێستا با بێین لەسەر پەیژەی نوێ، نۆتەکان هەریەکە میانەیەکی دوانی فرە بەرزبکەینەوە، کە بەم شیوەی خوارەوەی لێ دێت.



ئێستا با بێین گۆڕانە ناکاوەکان چارەسەر بکەین، کە پێویستە هەر یەکێکیان نۆتەیەکی بەرامبەری لە ئاوازە گواستراوەکە هەبێت. و پێویستە هەمان کاریگەری لە ئاوازە نوێیەکەدا دروست بکەن کە لە ئاوازە کۆنەکەدا دروستیان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیژەی ئاوازە نوێکە لە ئاوازە کۆنەکە جیاوازە، بۆیە مەرج نییە هەمان هێما دوبارە ببێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گۆڕانە ناکاوانە پێویستە بگەڕێیەوە سەر پەیژە سەرەکییەکە. نۆتەکان کە گۆڕانی ناکاویان وەرگرتووە، لەگەڵ ڕێبەری پەیژەکەدا بەراوردیان بکەی و بۆ ئەوەی بزانین چەند بەرز کراونەتەوە یان نزم کراونەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەبەستەمان نۆتە ناکاوەکان لە خوارەوە بە ژمارە دەسنیشان دەکەین.




ئێستا لەم خاڵانەی خوارەوە یەک یەک چارەسەریان ڕووندەکەینەوە.

A- ئەگەر بروانینە نمونەکە، نۆتەی (می) بەگوێرەی ڕێبەری پەیژە (می بیمۆڵە)، کەواتە ئەو می ناچڕاڵ) ەی خاڵی 1 نیو تۆن بەرزکراوەتەوە، بۆیە پێویستە نۆتە بەرامبەرەکەشی لە پەیژە نوێکە کە (فا دێزە) نیو تۆن بەرزکەینەوە و بیکەینە فا دەبڵ دێز.

B- لە ڕێبەری پەیژەدا (فا دێز) نیە، کەواتە نۆتەی (فا دێز) ی خاڵی 2 نیو پلە بەرزکراوەتەوە، بۆیە پێویستە نۆتە بەرامبەرەکەشی لە ئاوازە نوێکەدا کە (صۆڵ دێز) ە، نیو پلە بەرزبکەینەوە و دەبێتە (صۆڵ دەبڵ دێز).

C- ئەو هێما ناچڕاڵەی ژێر خاڵی 3 ، نۆتە (فا دێز) مکەی پێش خۆی گەڕاندۆتەوە بۆ (فا ناچڕاڵ) ، واتە نیو پلە نزمی کردۆتەوە، بۆیە ئێمە پێویستە، نۆتە بەرامبەرەکەی لە ئاوازی نوێدا کە (صۆڵ دەبڵ دێزە) نیو پلە نزم بکەینەوە، بیکەین بە (صۆڵ دێز).

D- لە خاڵی 4 دا، نۆتەی می، گەڕاوەتەوە سەر باری سروشتی خۆی کە لەڕێبەری پەیژەدا (می بیمۆڵ) بوو، بۆیە پێویستە نۆتە بەرامبەرەکەشی لە ئاوازە نوێکەدا کە (فا دەبڵ) دێزە بگەڕێنینەوە سەر باری سروشتی خۆی کە (فا دێزە) لە ڕێبەری پەیژەدا.

E- لە خاڵی 5 دا، نۆتەی ڕێ بە بیمۆڵ نیو پلە نزم کراوەتەوە، بۆیە پێویستە نۆتەی (می دێز) لە ئاوازی نوێدا کە نۆتە بەرامبەرەکەیەتی نیو پلە نزم بکەینەوە بۆ (می ناچڕاڵ).

F- لە خاڵی 6 دا، نۆتەی (سی) کە خۆی لە ڕێبەردا (سی بیمۆڵە) بەڵام بە هۆی ناچڕاڵ نیو پلە بەرز کراوەتەوە، بۆیە پێویستە ئێمە نۆتەی (دۆ دێز) لە ئاوازی نوێدا کە نۆتە بەرامبەرەکەیەتی نیو پلە بەرز بکەینەوە بۆ (دۆ دەبڵ دێز).

G- لە خاڵی 7 دا، نۆتەی هێمای ناچڕاڵ نۆتە (ڕێ) یەکەی لە (ڕێ بیمۆڵ) ە وە، گەڕاندۆتەوە سەر (ڕێ تەبیعی) ، بۆیە پێویستە لە ئاوازی نوێدا نۆتەی (می تەبیعی) کە نۆتە بەرامبەرەکەیەتی نیو پلە بەرز بکەینەوە بۆ (می دێز).

چارەسەرکردنی ناکاوەکان لە پەیژەی نوێدا




گواستنەوە بۆپەیژەی نوێ




5

ناوزی سەرەکی

